# حەمەی عەبۆل بەبۆڵە بۆڵ کردی بەگۆڵ





**کەس نییە لە شاری سلێمانی حەمەی عەبۆل نەناسێ هەر کاتێ گوێ بیستی ناوی ئەو کەلە پیاوە دەبیستن یادەوەرییە وەرزشییەکانی بەبیریان دێتەوە ئەم وەرزشکارە دێرینە توانیوویەتی بە درێژایی مێژووی ژیانی خزمەتی بواری تۆپی پێ بکات چ وەکو یاریزان یان راهێنەر یان ناوبژیوان ئێمەش لە فایلی وەرزشی هەفتەنامەی گوڵان**

**• دەکرێ پێناسەیەکی خۆتمان بۆ بکەی؟**

-ناوم محەمەد عەبدوڵڵا مستەفایە لە دایکبوونی ساڵی ١٩٥٠ و بە حەمەی عەبۆل ناسراوم.

**✱ سەرەتای وەرزشیت چۆن بووە؟**

- وەکو هەموو وەرزشکارێك سەرەتا لە کۆڵانەکان و دواتر تیپە میللییەکان یارییم کردووە و دواتریش لە یانەکان یارییم کردووە.

**✱ چۆن دەڕوانیتە وەرزشی دوێنێ و ئەمڕۆ؟**

- بەڕاستی وەرزشی ئێستا وەکو ساڵانی پێشوو نییە ئێستا تەنیا گرنگی بە یاریزانانی دەرەوەی شار دەدرێ و یاریزانانی خۆمان بێ تاقەت بووینە چونکە بوارییان پێنادرێت، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لە شاری سلێمانی یاریزانی خۆمان ئامادە بکەین و بۆ تیپی یەکەم سەریان بخەین باشترە لەوەی شەش یان حەوت یاریزانی عەرەب بهێنین کە لە سلێمانی ئەو توانایەمان نییە.

**✱ یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانت وەکو وەرزشوان؟**

- من هیچ یادەوەرییەکی وا ناخۆشم نەدیووە هەندێ شتمان تووش هاتووە بەس ناتوانم وەکو یادەوەری تاڵ ناوی بهێنم.

**✱ کەی چوویتە بواری ناوبژیوانی؟**

- دوای ئەوەی یارییم بەجێهێشت نەمتوانی وەرزش بەجێ بهێڵم روومکردە بواری ناوبژیوانی پلە سێ و دوو و دواتر ساڵی ١٩٨٦ لە بەغدا بوومە پلەیەکی ئێراق.

**✱ ئەو یارییەی حەزت دەکرد تۆ ناوبژیوان بوایت؟**

- زۆر یاری بەهێز هەبوو کە سەیرمان دەکرد و لە دڵی خۆم دەموت بریا من لەو یارییە ناوبژیوان بام و چۆنم بەڕێوە دەبرد.

**✱ کەس گلەیی لە ناوبژیوانی تۆ نەبوو؟**

- زۆر لەلایەنەکان بە نووسراو داوای حەمەی عەبۆلیان دەکرد و تا ناوبژیوانیان بۆ بکەم چونکە ئێمە لایەنگیری کەسمان نەدەکرد .

**✱ ئاستی ناوبژیوانی ئێستا چۆن دەبینی؟**

- ئێستا ئاستیان مام ناوەندییە خۆت دەزانی گلەیی و گازاندە زۆر دەکرد و هەڵەیەکی بچووك دەکرێ گەورەی دەکەن لە مۆندیال یاری ئەڵمانیا و ئینگلتەرەمان بینی کە گۆڵی ئینگلتەرەیان نەژمارد وکەسیش قسەی نەکرد بۆیە من لە ناوبژیوانانی کوردستان رازیم و نابێ ئەوەش لە بیر بکەین جاری وا هەیە ناوبژیوان هەڵەی نەکردووە بەڵام بەهۆی نەزانینی سەرپەرشتیاری تیپ وەیان راهێنەر لە یاسا یاریزانان تووشی کێشە دەبن لەگەڵ ناوبژیوانان و ئاژاوە دروست دەکەن.

**✱ حەمەی عەبۆل موچەی ڕێز لێنانی هەیە؟**

-نەخێر نیمە، پێشتر ماوەیەك وەرمگرت دوایی وتیان مووچەکە بڕاوە.

**✱ چ بەو کەسانە دەڵێی کە مووچەی ڕێزلێنان لە وەرزشکارێکی وەك تۆ دەبڕن؟**

- بەڕاستی ئەم مووچەیە گەرچی وەك پێویست نەبوو بەڵام پێی خۆشحاڵ بووین کە ناوی ڕێزلێنان بوو، ئێستا دەڵێن ئەوەی مووچەی هەبێ یان خانەنشین بێت ئەوا ڕێزلێنانی نادرێتی، باوکم هەیە ساڵانێکی زۆرە خزمەتی وەرزشی کردووە و خانەنشینە بۆ ڕێزلێنان وەرنەگرێ، نازانم ئەوانەی ئەو شتەیان داناوە بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو کەسە خزمەتی وەرزشی کردووە و مافی خۆیەتی وەری بگرێ تا کەس و کاری سوودی لێوەربگرن.

**✱ ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟**

- نا وەڵڵا

**✱ لە دەرگای خۆشەویستیت داوە؟**

- بەڵێ لە ساڵی ١٩٧٤ کە بۆ دەرەوە رامکرد.

**✱ چ بە بەرپرسان دەڵێی کە یارمەتی وەرزشوانە دێرینەکان نادەن؟**



- ئەمە دەگەڕێتەوە سەرخۆیان چەندین وەرزشکاری کۆنمان هەیە خزمەتێکی زۆری وەرزشیان کردووە و کە ئاوڕیان لێ نەداونەتەوە و مووچەیەکی ڕێزلێنان هەبوو ئەویشیان بڕی لەوەی گرنگتر سەرەڕای نەمانی ڕێزلێنان هێشتا بەردەوامن لە خزمەتکردن.

**✱ وەکو سەرپەرشتیاری یاری مافەکانت دەدرێتێ؟**

- من و مامۆستا حەمە سەعید زیاتر سەرپەرشتیاری لاوان و تازە پێگەیشتووان و پلە دوو و سێیەکانمان دەکەین ئێوە باش دەزانن یەکێکین لە ناوبژیوانە کۆنەکانی ئێراق و کوردستان و ئەوەندەی ئێمەی شارازانین و شەوانە سەیری یارییەکان دەکەین و بەوەوە خۆشە لە پلە نایابەکان بەشداری بکەین.

**✱ گەر گۆڵێکت لە دەست بێ پێشکەشی کێت دەکرد؟**

- پێشکەشی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانم دەکرد.

**✱ حەمەی عەبۆل هات بە بۆڵە بۆڵ کردی بە گۆڵ؟، چی دەڵێی بەرامبەر ئەم رستەیە؟**

- ئەم پرسیارە زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئێمە لەبەر ئەوەی هەموو یارییەك لامان چارەنووسسازبوو و چەندین گۆڵمان لە دەست دەدا و بێ تاقەت دەبووین هێڵی بەرگریش باش یارییان دەکرد منیش ناچار دەبووم بە قسە و هاوار هاوار پێدا





**به باشمانزانی سەردانی شاری ســلێمانی بکەین و لە نزیکەوە ئاگاداری باری ژیانی و تەندروســتی و دوایین چالاکییەکانی بین و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ساز کرد.**

دەهاتم ئەوەش ناشیرین نەبوو بەڵام دڵمان بۆ یانەکە دەسووتا.

*** دەزگاکانی راگەیاند مافی تۆیان داوە؟**

- وەکو دیمانەی گۆڤار و رۆژنامەکان وەکو پێویست نییە بەڵام وەکو تەلەفزیۆنەکان باشترە وەکو وەرشوانی دێرین بانگمان دەکەن.

*** گەر داوات لێ بکرێ وەکو راهێنەر دەتوانی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەی؟**

- گەر تیپێکی لاوان ویان تازە پێگەیشتووان هەبێ دەتوانم کاریان لەگەڵدا بکەم.

*** کێ تا ئێستا هاوکاری کردووی؟**

- بەڵێ سەرەتا کە نەشتەرگەریم بۆ کرا لەلایەن بەرپرسان هاوکاری کرام و ئێستاش قاچم پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆری دەوێ و بە کەسم نەگوتوە حەزیش ناکەم بە کەسیش بڵێم خۆیان چاویان دەبینێ و کێشەکەم دەبینن و هاوکاریم ناکەن.

*** حەمەی عەبۆل گەر شتێکت ماوە بڵێیت؟**

- زۆر سوپاسی ستافی گوڵان دەکەم کە ماندووبوون لە هەولێر هاتوون بۆ بەسەرکردنەوەی من و هیواداریشم لەم کارە پیرۆزەتان بەردەوام بن و وەرزشکاران بەسەر بکەنەوە و کێشەکانیان بخەنەروو.



# لە یارییە کوڕان و کچانی سلێمانی

## ئاستی کچان

| | |
|---|---|
| ١- لەنجە سەلام | سلێمانی |
| ٢-سۆزی دڵشاد | سلێمانی |
| ٣- ژاڵە وەهاب | سلێمانی |
| ٤- ڕێناس عەتا | سلێمانی |





**بە چاودێری بەڕێز قائیمقامی دوکان، یەکێتی ناوەندی یارییە سیانییەکانی عێراق پاڵەوانیەتی کۆماری بۆ هەڵبژاردەکان ئەنجامدا کە (٩) پارێزگا بۆ کوڕان**

**دوای تەواو بوونی پاڵەوانیەتیەکە ئەم راپۆرتەمان ئامادە کرد:**

سەرەتا بەڕێز کەمال محەمەد سەرۆکی ناوەندی یارییە سیانییەکان وتی: ئێمە بەپێی ئەم بەرنامەیەی دامانڕشتبوو ئەم پاڵەوانیەتیەمان سازدا و هاوینە هەواری دوکانیش شوێنێکی شیاو بوو کە نۆ هەڵبژاردە تیایدا بەشداربوون لەسەر ئاستی کوڕان و کچان لەوانە (هەولێر/ سلێمانی/ کەرکوك/ موسڵ/ دهۆك/ ناسریە/ نەجەف/ دیوانیە/ بەسرە) هەروەها وتی ئەمجۆرە یارییە سێ یاری بەخۆوە دەگرێ لەوانە مەلەکردن و پاسیکل سواری و راکردن، ئەمە یەکەمین جارە ئەو ژمارە زۆرە بەشداری دەکەن و بەچاوی خۆشتان پاڵەوانیەتیەکەتان دی و سوپاسی ماندوو بوونی ئێوەش دەکەین، پاشان یاریزان لەنجە سەلام کە پلەی یەکەمی وەرکرت وتی: ناتوانم باس لەو خۆشیە بکەم کە بە راستی پاڵەوانیەتیەکی سەرکەوتوو بوو سەرەڕای ئەوەی زۆر ماندوو بووم ئەم سەرکەوتنەش دەکەمە دیاری بۆ کەسوکارم و راهێنەرکانم و سوپاس بۆ ئێوەش، پاشان یاریزان سۆزی دڵشاد کە پلەی دووەمی بەدەستهێنا وتی: حەزم دەکرد کچان زیاتر بەشدارییان بکردبایە و رکابەرییەکان زیاتر دەبوو بەهەرحاڵ خۆشحاڵ بووم بەم سەرکەوتنە، دواتر خاوەنی پلەی سێیەم ژاڵە وەهاب ئەحمەد وتی: نابێ رۆڵی راهێنەر مامۆستا سەلام لەبیر بکەین کە زۆر ماندووبوو لەگەڵماندا هیوادارم ئەنجامی باشتر لە تۆمارکردنی کاس بەدەست بهێنم. دواتر رووی پرسیارمان ئاراستەی راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق و سلێمانی مامۆستا سەلام محەمەد کرد ئەویش وتی: هێشتا دیارنییە



# سیانییەکان
# پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا


## ئاستی کوڕان

١- جەوهەر مستەفا سلێمانی
٢- ئومێد مەجید سلێمانی
٣- بروا سەلام سلێمانی

**و کچان تیایدا بەشداربوون، کە تیایدا هەڵبژاردەی سلێمانی لە کوڕان و کچان پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا کە بەم شێوەی خوارەوە بوو.**

کێ بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق دەکرێ و هیوادارم ئەم پاڵەوانیەتیە زیاتر بەردەوام بێت و بەشداربووان زیاتر بێت، هیوادارم بەرپرسان زیاتر گرنگی بەم یارییە بدەن و ئێمە بەنیاز بووین ئەمساڵ خولی یانەکانیش بکەینەوە، بەڵام فریانەکەوتین بەڕای من بەگشتی ئەم پاڵەوانیەتیە زۆر سەرکەوتوو بوو. پاشان یاریزان جەوهەر مستەفا خاوەنی پلەی یەکەم وتی: زۆر خۆشحاڵم بەو سەرکەوتنە و سوپاسی خوای گەورەش دەکەم کە ئەم دەستکەوتەی پێبەخشیم و سوپاسی مامۆستا سەلام و سەرۆکی یانەی دوکان دەکەم کە خۆیان و کەسوکارەکانیان یارمەتیاندام. پاشان ئومێد مەجید کە پلەی دووەمی بەدەستهێنابوو وتی، خۆشحاڵ بووم کە پلەی دووەمم بەدەستهێنا و ماوەیەکە چاوەڕوانی ئەم پاڵەوانیەتیە بووین و زۆر سەرکەوتوو بوو، سوپاسی ئێوەش دەکەین، ئینجا بەڕێز فوئاد مەجید سەرۆکی یەکێتی یارییە سیانییەکانی سلێمانی وتی: خۆشحاڵم کە لەسەر ئاستی کوڕان و کچان پلەی یەکەممان وەرگرت ئەوەش دوای مەشق و ماندووبوونێکی زۆر بەدەست هات، داواکارین لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و عێراق زیاتر گرنگی بەو یارییە بدەن، چونکە یارییەکی زۆر قورسە و پێی دەڵێن یاری ئاسنەکان، چونکە کەسی بەتوانای دەوێ و سوپاسی ئێوە دەکەم کە لە هەولێر هاتوون، لە کۆتاییدا لەلایەن ئامادەبووان خەڵات بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان و یاریزانان و ناوبژیوانان و دەزگای ڕاگەیاندن دابەشکرا، جێگەی باسە سلێمانی بە پلەی یەکەم و نەجەف بە پلەی دووەم و بەسرە بەپلەی سێیەم هات....



## دونیا تاریق یاریزانی پایسکل سواری یانەی نەورۆز

# کردنەوەی قوتابخانەیەکی تایبەت بە پایسکل سواری ئافرەتان لە کوردستان گرنگە

**لە دایك بووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانییە، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاری پایسکل لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، چەندین میدالیا و ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە. ئێستاش یاریزانی یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی عێراقە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.**

***ئاستی یاری پایسکل سواری کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەم یارییە لە کوردستان ئاستێکی باشی هەیە بە تایبەتی لە یانەی نەورۆز گرنگی زۆری پێ دەدات.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم یارییە؟**

-هاوکارێکی باشی یاریزانانی ئەم یارییە بکرێت لەلایەن بەرپرسان بۆئەوەی کچان زیاتر روو لەم یارییە بکەن.

***کێشەو گرفتان لەم یارییە چییە؟**

- وەکو یانەی نەورۆز هیچ کێشەیەکمان نییە، چونکە پشتگیری تەواومان دەکەن، ناهێڵن کێشەمان هەبێت.

***جگە لە یانەی نەورۆز بۆ چ یانەیەکی تر یاریت کردووە؟**

- لە یانەی سلێمانی بووم ئێستاش بە خۆشحاڵیەوە هاتوومەتە یانەی نەورۆز.

*** کردنەوەی قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانانی پایسکل سواری لە کوردستان بەلاتەوە چۆنە؟**

-لەگەڵ یانەی نەورۆز بەنیازی شتێکی لەمجۆرەین بۆ ئەوی بتوانین یاریزانان کۆبکەینەوە و فێری پایسکل سواریان بکەین بۆ ئەوەی ژمارەی یاریزانانی ئەم یارییە روو لە زیادی بکات و کرنەوەی ئەم جۆرە قوتابخانەیە لە کوردستان گرنگە.

***دەستەی کارگێڕی یانەی نەورۆز چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-لێرەوە سوپاسیان دەکەم، هاوکاری ئەوان بێوێنەیە بۆ تیپی پایسکل سواری، ئەوان هاوکارمانن بۆ ئەوەی ئێمە ئەنجامی باش تۆماربکەین.

***بۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت نەکراوی؟**

-بەڵێ ئێستا لە هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و کوردستان یاری دەکەم.

***پەیامت چییە بۆئەو خێزانانەی کە رێگری لە کچەکانیان دەکەن لەوەرزش کردنیان؟**

-هیوادارم ئەو خێزانانە بە خۆیاندا بچنەوە و نەبنە رێگر لەبەردەم کچەکانیان، بە پێچەوانەوە هاوکاریان بکەن بۆهاتنە نێو دنیای وەرزش، لێرەوە سوپاسی دایکم دەکەم کە زۆر هاوکاری و پشتگیریم دەکات بۆ ئەوەی لە وەرزش بەردەوام بم.

*** چی بەو کچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

-لێرەوە پێیان دەڵێم وەرزش بە سوودە بۆ لەش، وەرزش کاتێکی خۆشەو یەکتر ناسینە.

***خوێندن رێگریت لێناکات بۆ وەرزش کردنت؟**

-نەخێر، چونکە کاتەکانی خۆم بۆ وەرزش و خوێندن دابەشکردەوە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-هیوادارم بتوانم لە پاڵەوانیەتیەکانی ئاسیا و عەرەبی میدالیای زێڕ بەدەست بهێنم.






# ئایا ئەی سی میلان دەتوانێت ركابەری خولی ئیتاڵیا بكات؟

یانەی ئەی سی میلان لە وەرزی رابردوو توانی ئاستێكی باش پێشكەش بكات تا رادەیەك ركابەری خولەكان بكات، بەڵام جەماوەری ئەم یانەیە چاوی لە نازناوە، بۆیە بۆ ئەم وەرزە پێكهاتەی میلان بەشێوەیەك جیاوازی لەگەڵ وەرزی رابردوو هەیە، ئایا ئەی سی میلان دەتوانێت بەم پێكهاتەیە ركابەری لە بەدەستهێنانی خولەكان بكات، پێكهاتەی ئەی سی میلان لەگەڵ ژمارەی درێسەكان بەمشێوەیە.

گۆڵچی

كریستیان ئەبیاتی(١٢)، فلاڤیۆ رۆما(٣١).

هێڵی بەرگری

كاڵادزە (٤)، ئۆجۆشی ئۆنیۆ (٥)، ئەلیساندرۆ نێستا (١٣)، جانلیۆكا زامبرۆتا (١٥)، ماریك یانكلۆفسكی (١٨)، دانییلی بۆنیرا (٢٥)، تیاگۆ سیلڤا (٣٣)، ماسیمۆ ئۆدۆ (٤٤)، لۆكا ئەنتونینی (٧٧).

هێڵی ناوەڕاست

جینارۆ گاتۆزۆ (٨)، ماتیۆ فلامینی (١٦)، ئەجنازیۆ ئەباتی (٢٠)، ئەندریا پێرلۆ (٢١)، ماسیمۆ ئەمبرۆزینی (٢٣)، داڤید دی جینارۆ (٤٩)، كلارنس سیدرۆف ( ١٠).

هێڵی هێرشبەر

دۆمەنیك ئەدیاە، ئەلیكساندر پاتۆ (٧)، فلیپۆ ئینزاگی (٩)، كلانس یان هۆنتیلار (١١)، جیانماركۆ زیونی (١٧)، ماركۆ بۆریلۆ (٢٢)، ئەلیساندرۆ مانسینی (٣٠)، رۆنالدینهۆ (٨٠).

رەنگە ئەم پێكهاتەیە گۆڕانكاری تیادا ئەنجا بدرێت، چونكە كڕین و فرۆشتنی یاریزانان بەردوامە.



# ئایا ئەنتەر میلان سوود لە كڕین و فرۆشتنی یاریزانەكان وەردەگرێت

یانەی ئەنتەر میلان بە راهێنەرایەتی مۆرینهۆ توانی لە وەرزی رابردوو سێ پاڵەوانیەتی گەورە بە دەستبهێنێت ئەویش خول و جامی ئیتاڵیا و خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا، بەڵام لەم وەرزە مۆرینهۆ یانەی ئەنتەر میلان-ی جێهێشت و چووە یانەی ریال مەدرید، بۆ ئەم وەرزە ئەنتەر میلان گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزان مۆركردووە و چەندین یاریزانی فرۆشتووە، بەمشێوەیە.

یاریزانە هاتووەكان

رافائیل بینتیز لە لیڤەرپوول هاتە ئەنتەر میلان (راهێنەر)، لۆكا كاستیلادزی (گۆڵچی)، جۆناسان بیابانی لە یانەی پارما چووە ئەنتەر میلان، ماكۆدناڵد مارینگا لە پارما چووە ئەنتەر میلان، ماركۆ داڤید فارۆنی لە لازیو چووە ئەنتەر میلان، سیمونی بیندیتی لە تۆرینۆ چووە ئەنتەر میلان، لۆرزینۆ بارماتی لە بۆلۆنیا چووە ئەنتەر میلان، نوێكردنەوەی بۆندی دیگۆ میلیتۆ لەگەڵ ئەنتەر میلان تا ساڵی ٢٠١٤، نوێكردنەوەی بۆندی خافییر زانیتی لەگەڵ ئەنتەر میلان تا ساڵی ٢٠١٣.

یاریزانە فرۆشراوەكان

مۆرینهۆ لە ئەنتەر میلان چووە ریال مەدرید (راهێنەر)، ئەرنانۆڤیتچ لە ئەنتەر میلان چووە ڤێردەر بریمن، لویس خیمینێز لە ئەنتەر میلان بەشێوەی خواستن چووە پارما، كواریزما لە ئەنتەر میلان چووە بێشكتاش

www.gulan-media.com/sport
بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :
Mobile: 07504514021 Email: sport@gulan-media.com